وەزارەتـی نـــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 3724
ڕێکەوت : 30 / 10 / 2022

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.30- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبای پلەنزم بۆ (6) گوندی ناحیەی مەیدان/ خانقین )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـادەکراوە لە لایەن (بەڕێـوەبەرایەتی دابەشـکردنی کارەبـای خـانقین) , لەسـەر بـودجەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان / ئیـدارەی گەرمیـان بـۆ سـاڵی ( 2022 ) خەرج دەکرێـت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( 90 ) نەوەد ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکـردنەوە گشـتی یە بەپێـی ڕێنمـایی جـێ بەجێکردنـی گرێبەسـتە حکـومی یەکـان ژمـارە( 2 ) سـاڵی (2016) جـێ بەجـێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنــی تەنــدەر لە ڕۆژی (یەک شـەممە 6/ 11 /2022 )ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (یەک شـەممە 20 / 11 / 2022) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیـوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیـان بەرامبەر بە ( 100,000) سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شـەممە 22 / 11 / 2022 ) کـاتژمێر (11:00 )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشـداربوان بـــۆ هەر پرســیار و ڕوونکــردنەوەیەك لەســەر تەنــدەری پــرۆژەکە دەتــوانن ســەردانی ئیـــدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا ۹) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویسـتە ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرانەی کە بەشـداری دەکەن پشـتگیری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2022) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نـــوری عبدالقــادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 10 / 2022**